## بەشی ١ ـ ٢

## خوێندنەوە و ناساندنی کتێب:

## هەڵۆ بەرزنجەیی ١.٣.٢٠٢٢

## محەمەدی حاجی مەحمود

**ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک   بەرگی پێنجەم ١٩٩٧ـ٢٠٠٤**

**باسی ڕووداوەکانی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەمان دەکات**

**چاپخانەی هەژار موکریانی/ ٢٠٢١   ١١٨٧ لاپەڕە**










هێشتا بۆم نەلواوە تەواوی بەرگەکانی **"ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک"**ی کاکە **حەمەی حاجی مەحمود** بخوێنمەوە. بۆ خۆم بەرگی٢ م هەیە و بەرگی چواریشم بەر لەچەند ساڵێ بەقەرز وەرگرت بۆ خوێندەوە .ئەم هۆکارە وا دەکات تەواوی باس و ڕووداوەکانم لەبەرچاو و دەست نەبێت و نەتوانم تەقەڵ لەباسەکان بدەم و پێکەوەتان بنووسێنمەوە.. بەواتایەکی تر وەک دەنکی تەزبیح بیانهۆنمەوە.. کەواتە هەر لە پێشڕا دەست کورتی خۆمان ڕادەگەیەنم.

بەڵام ئەو ڕاستییەم لا بەرجەستەیە کە ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک زیاتر لەزۆر بیرەوەریی و ژیاننامە و بەسەرهاتی تری نووسراو، ڕاستی لە خۆ گرتووە و ڕووداوەکانی تۆمار کردووە...
ئەم ڕاستییەش زۆرینەی ئەوانەی خوێنەری ڕۆژژمێرەکەی کاکە حەمەن جەخت لەسەر ئەم حەقیقەتە دەکەنەوە..بەڵێ لێرە ڕاستی گەر لە شوێنی تر دەست نەوێ، لێرە هیچ پەردەیەکی سیاسی بەسەر ڕووداوەکان دراوە و هیچ بەرگێکی لەبەر نەراوە، ڕاستییەکان ڕووت و قووتن . ڕۆژمێرێک ڕۆژانە باسەکانی تێدا نووسراوە و گەلێک لەم ڕووداوانە سەرنج لێ گیراوە و بەپێی توانا تاوتوێیان بۆ کراوە..
مامۆستا مەسعوود وتەنی: **ڕاستی شەرەفی نووسینە...**
لەم کۆنتێکسەدا ڕاستی ئەوەیە: هەرچی ڕوویداوە و تۆ تێیدا بەشدار بوویت باسی بکەیت، بە ئازایەتی و ترسنۆکی، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، چاکی و خراپی یاخود جوانی و ناشیرینییەوە. هەروەها تووشی پەتای، هەر من و من و من و

منت نەبێ ، خۆی لە هەقتەت نەدزێتەوە و لایەنی نەرێنی لەملی کەس نەپێچیت و چیرۆک نەهۆنیتەوە و بەختان بۆ کەس دانەتاشی...
هۆکاری بینینەوەی بەشی زۆری ڕاستیەکان لێرەدا. پێشم وایە بەرهەمی خەسڵەت و کاراکتەریی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کاکە حەمەیە، کە کەموزۆر پابەندە پێوەیی و جیای دەکاتەوە لەوانی تر!... هەر ئەم هۆکارە ئاوێتەی ئەو بیروباوەڕەیە کە لەسەرەتاوە جۆشوخرۆشی بەخشیوەتە کاکە حەمە بێتە ڕیزی خەباتەوە و گیانبازی بکات بە ژیانیەوە، بەکورتی وەک ئەفەندی و بۆینباخ لەملەکانی نەکردووە و ناکات...
ئەم بەرهەمە ڕووداوەکانی سالانی نێوان 1997-2004 ی گرتوتە خۆیی و بریتییە لە 1187 لاپەڕە.. لە سێ بەش پێک دێ 442 لاپەڕەی تۆمار و نووسین و شیکردنەوەیە و لە دوو بەشدا ڕێک خراوە،593 لاپەڕەی بریتییە لە بەڵگەنامەکان..کۆمەڵێ نامە و بەیاننامە و نووسینی مێژووییە و لە 148 لاپەڕەشدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری کەسی و بەکۆمەڵی داناوە...
کاکە حەمە.. وەک پێشمەرگە و سەرکردەیەک لەو ناوجەرگەی ڕووداوەکان بووە لە ١٩٧٦ بەدواوە هەتاوەکو ئێستا و بە لێهاتوویی و تێکۆشانی خۆی بووە بەرۆگری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لەتەواوی هەوراز و نشێو و ڕۆژە سەختەکان دا شانی داوەتە ژێر ئەم ئەرکە سەختە.

١/١/١٩٩٧ یەکەم ڕۆژی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەی کاکە حەمەیە:

هێشتا ژان و ئازارەکانی ٣١ ی ئابی١٩٩٦ بەسەر ڕۆژانی دواتریشەوە دیارە "شەڕی ناوخۆ گەیشتە لوتکە" ل ١٢...
دوو ئیدارەیی دیمەنێکی زەق و واقعێکی تاڵە. ئاماژە بەوە دەدات یەکێتی بە هاوکاری ئێران پلانی لێدانی پارتیان ئەنجام داوە و پارتیش سوپای عێراق دێنی و یەکێتی لە هەولێر دەردەپەڕێنێ .ئەم دیمەنە بە برینە قوڵەکانییەوە مێژووی کوردەوە دەبنە دەست پێکێکی تری ترسناک و دڵتەزێن.
دوا ئەم سەرەتایە ئیدی باسی کۆمەڵێ جموجوڵ و دیدار دەکات لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی دا کە لایەنێکی ئامادە و چاودێر و زۆرجار ئەندازیاری شەڕ یاخود ئاگربەستن...ڕۆڵی سووریاش لەدوورەوە لەڕووداوەکاندا پاسیڤ نییە! ، بۆیەکا جارەوجار دەبێتە شوێنی سەردان و دیداری کاکە حەمە و زۆر کەسایەتی و لایەنی تری کوردی..

نووسەر دێتەوە ناو ڕۆژەکانی شەڕی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی، باس لە ڕۆڵی ئاشتخوازانەی خۆی دەکات ( **مام جەلال ٩ جار و مەلاعەلی ٤ جار تلفونیان بۆ کردم)** ل٢٥.. هەموو داوایان لێ کردووە بێتە پێشەوە، بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە .یەکێتی پەرێشان دەبێت بەدەست ئیسلامییەکانەوە، سۆشیالیشتیش دەگلێتە شەڕەوە ، ئێران گەرماوگەرم بروسکە بۆ سۆشیالیست دەنێرێ، کەبۆچی شەڕی بزووتنەوە دەکات؟.. نووسەر بەتوندی وەڵامی ئێرانییەکان دەداتەوە و بە گلەیەوە مام جەلالیش ئاگادار دەکاتەوە..دەرئەنجام سەرکەوتوو دەبێ و لەگوڵەخانە هەردوو لایەن بۆ ئاشتی پێکەوە دادەنیشن.
ڕاگرتنی شەڕی نێوان براکان،شەڕی ناوخۆ یاخود کوردکوژی!! کارێکی فرە سەختە، ئەوەی جێی دڵخۆشییە کەوا لەسەر دەستی کورد دا و لەبارەگای حیزبێکی کوردی کارەکە جێبەجێ کراوە..
دەگەینە لاپەڕە ٣٠ چاومان دەکەوێ بەم پەرەگرافە لەسەر مام جەلال ": **مام جەلال پیاوێکی سیاسی تێکۆشەر و بەتوانا و لێهاتووە، بۆیە لە قیادەی کورد لەلای من لەگەڵ هەندێ سەرنجم لەسەر ئیشکردنی بەڵام یەکێکە لە باشترین سەرکردەکانی کوردلەو سەردەمەدا بۆیە مان و هەبوونی مام جەلال بۆ کورد زۆر باشە و پیاوێکی گەورە و هەڵکەوتووی کوردە."**
بەهەقەت بەدرێژایی و پانتایی ڕووداوەکانی ئەم ٨ ساڵەی لەم بەرگەدا بەسەر کراونەتەوە، لە گەلێ وێستگە و چرکەساتی هەستیار و کاری سەخت و تەنگانەدا هەردوو بە هانای یەکترەوە دێن و هاوکاری یەکتر دەکەن لە پێویست دا لە پەیوەندییە کەسی و حیزبی و کوردستانی و هەرێمییەکان دا ..بەتایبەت مام زۆری کاری لەرێگای کاکە حەمەوە مەیسەر کردووە. لەبەرەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەکی دەکەین.ڕووداو و بەسەرهاتیش هەن کاکە حەمە بەتوندی گلەیی بەرانبەر ی ن ک دەردەبڕێ.
هێشتا ئەم پەردەیە دانەدراوە باسی شەڕی نێوان پارتی و پ ک ک دێتە پێشەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێ ": **پەکەکە هێزێکی کوردی کوردستانی تورکیایە، و بۆ ئازادی کورد لە کوردستانی تورکیا (...) بەڵام ئەم هێزە باوەڕی بەهیچ هێزێکی کورد نییە و (...) هەموویانی تەسفیە کرد).** ل ٣٢
دوای ئەوە ئەوجا شەڕی پارتی و یەکێتی و تورکیا دژ بە پ ک ک، نەوشیروان مستەفا سەرکردەی مەیدانی شەڕی کردووە. دواتر پ ک ک خۆی بەدەستەوە دەدا و لە ماڵی کریم خانی برادۆست، فوئاد مەعسوم و ڕۆژ نوری شاوەیس ڕێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان دا ئیمزا دەکەن.. سەیر ئەوەیە تورکیا گەرماوگەرم ناڕەزایی دەردەبڕیوە، پرسیوێتی: چۆن ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان دەکەن؟. بۆیە ڕاستەوخۆ داوای گۆڕینی مەعسوم و شاوەیس دەکات.. یەکێتی داواکەی تورکیا جێبەجێ دەکات...
نووسەر.. لەبابەتە گەرمەکانی شەڕەوە، باس لەوە دەکات لەگەڵ شاندێکی حیزبەکەیدا چۆتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن... بەعس پێی گووتوون: ئێوە لەگەڵ پارتی دا ڕێک بکەون! ئێمە یەکێتی دەردەپەڕێنین و کوردستان ڕادەستی ئێوە دەکەین! ...سۆشیالیست بەم داواکارییە ڕازی نابێت!. کاتێ قسەش بە مام جەلال دەڵێن،نووسەر بەرپەرچییان دەداتەوە .

پرسیارەکە ئەوەیە وەک بڵێی ماراسۆنە: هەر حیزبەی بەجیا بەرەو بەغدا بۆ دەستکەوتی تایبەتی بەدەستهێنان هەڵپەیان بووە، لەوێش بەغدا ناکۆکی زیاتری خستۆتە نێوانیانەوە ...
لەو رۆژانەدا ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان گیراوەتەوە و بەغدا داوای بەردانەوەی دەکات! . سۆشیالیست قەناعەت بە یەکێتی دێنێ و ئاوەکە بەردەنەوە. لەگەڕانەوەدا دەمودەست مام جەلال لەم هەنگاوە ئاگادار دەکەنەوە، بەشێوەیەک پێی دەڵێن: دە ئێوەش بچن بەشی خۆتان بپچرن!. یەکێتی ئاوەکە بێ مەرج بەردەداتەوە و شاندێک دەنێرێ بۆ بەغدا .
کاکە حەمە لێرەدا ددان بەوەدا دەنێ: **"کە چوونی بۆ بەغدا لەسەر داخوازی مام جەلال بووە".ل** ٣٨.. دواتر باس لە نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات.. گەرماوگەرم لەبەرانبەردا ڕۆژی ١٣/٦/١٩٩٧ شاندێکی ئێران و شاندێکی پ ک ک / جەمیل بایک( هەڤاڵ جومعە) لەماڵی کاکە حەمە کۆدەبنەوە بۆ خورتکردنی پەیوەندییەکان. ئێران ستراتیژی خۆی هەیە و هەر هێزێکی کوردی لێ دوور کەوتبێتەوە،بە میتۆد و شێوازی تایبەت بە خۆی هەم سزای داوە و هەمیش گورجوگۆڵانە ئەڵتەرناتیڤی خۆی هێناوەتە کایەوە و بایەخی دەدات بە حیزبێکی تری نەیاری حیزبی یاخی / تۆراو یاخود نەیار..
کاکە حەمە دەچێتە سووریا و لەوێوە بەرەو ئەوروپا تا دەبێتە میوانی .. Med.TV ئەو ڕۆژانە تاکە تیڤی کورد بوو. دەڵێ: **"لە برۆکسل بووم مام جەلال ئەو شەوە لە سەعاتێکدا ٣ جار تلفونی بۆ کردم و داوای ئەکرد قسە بکەم دژی پارتی و ڕابگەیەنم ئیمشەو یەکێتی سەلاحەدین دەگرێ. "**ل٥٦ دەڵێ: **قسەم دژی پارتی کرد و برگەی دووەمیش بەشێوازێکی تر دەربڕی**.. ئەوەی جێی سەرنجە کاتی تەلەفونکردنەکە زوبێر ئایدار و رەمزی کارتالی لەتەنیشتەوە دەبن و گوێیان لە قسەکانی مام بووە و لای خۆیانەوە راستەوخۆ تۆماریان کردووە... بڕوانە حیزبی کوردی تا کوێ پۆلیسی کاریان بەرانبەر یەکتر کردووە!!..بەکورتی دەڵێ: یەکێتی ئێران ڕێکەوتبوون لەقۆڵی حاجی هۆمەرانەوە پەلاماری پارتیان دەدا.. تورکیاش بەهانای پارتییەوە هاتووە و فرۆکە مەرگچێنەکانی ڕۆڵێکی خراپیان گێرا..
کاکە حەمە.. لە ئاکامدا بێ سێ و دوو دەنووسێ: **"شەڕەکە لە ڕووی عەمەلیەوە شەڕی ئێران و تورکیا بوو بە چاودێری ئەمەریکا"**.. یەکێتی و پ ک ک و ئێران/ پارتی تورکیا هەر کورد سووتەمەنی شەڕەکە بووە و بەهەزاران پێشمەرگەی کورد بوونە قوربانی ئەم شەڕە خوێناوییە هەر لەم کۆنتێکسەدا دەنووسێ" **ئەمڕۆ دوای تاقیکردنەوەی هەموو هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی یەکتری لەنێوان یەکێتی و پارتیدا بە پەنابردن بۆ ئێران و عێراق و تورکیا و بۆ عەشایەر و بۆ حزبەکانی کەش ئەگەر کیمیاویشیان هەبوایە لە یەکیان ئەدا، بەڵام کەسیان کەسیانی پێ لەناونەچوو یەکیان بۆ نەسڕایەوە** "ل٧٨...
نووسەر پێی وایە پارتی لە ئاکامی شەڕی لەگەڵ پ ک ک و یەکێتیدا دەبێتە خاوەنی ئەزموونێکی زۆری شەڕیی بەرەیی و لە شەڕی ١٩٩٤-١٩٩٥ دا ئێران پشتیوانی لە پارتی و ١٩٩٦ دا عێراق دیسان لە پارتی و ١٩٩٧ دا تورکیا لە پارتی .. کەچی یەکێتی جارێ نەیتوانیوە هیچ دەوڵەتێ بهێنێتە شەڕی دژی پارتییەوە ..لەکاتێکدا چەندین جار ئاماژەی داوە بە هاوکاری ئێران بۆ یەکێتی...
**پارتی یەکێتی دوای گەڕێکی شەڕی خوێناوی ڕێگای ئاشتی دەگرنە بەر ..**
بەدووروودرێژی باسی شەڕی پ ک ک دژی یەکێتی دەکات و وەک سۆسیالیت بەیاننامە دژی شەڕەکە دەردەکەن... مام جەلال پرس و ڕای زۆر بە کاکە حەمە دەکات و ئەرکی قورسی دەخاتە بەردەم ..ئەرکەکە مشورخواردنی ئەو گرووپە بوون.د. سلێمان و هاوڕێکانی کە لە پ ک ک جیابوونە حەشار بدرێن تاوەکو یەکێتی تووشی کێشە نەبێت لەگەڵ تورکیا. دواتر لە ١٩/٩/٢٠٠٠ شاندێکی ئێرانی دێنە گوڵەخانە و کاکەحەمە داوایان لێ دەکات گوشار بخەنە سەر پ ک ک شەڕەکە بوەستێن. وەک دەگێڕێتەوە ئێرانییەکان لە یەکێتی زۆر تووڕە بوون دەیانویست بە پ ک ک تەمبێیان بکەن.ئەم چیرۆکە جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێتەوە شەڕی ناوخۆ/ کوردکوژی ڕاستەوخۆ بە قورمیشکردنی داگیرکەران بووە و بۆ بەرژەوەندی ئەوان بووە..ئاخر ئەو ڕۆژانە یەکێتی هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکیادا دەدا...
برگەیەکی تری ئەم شەڕەی ناو کوردستان دەستێوەردانی داگیرکەران، لەوەدا باس دەکات تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان دەکات .شایانی باسە لەشەڕی نێوان پ ک ک و یەکێتیدا ئەوە دەنووسێ کەوا کۆسرەت رەسوول ئامادە نەبووە شەڕی پ ک ک بکات، ئەگەرچی هۆکارەکەی روون ناکاتەوە لێ ئەمەش گرنگی خۆی هەیە.. هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پ ک ک شەڕ فرۆشەکەیە و هاوکات لەشەڕێکی دژواردا بووە لەگەڵ پارتیدا ، کەچی لە باری سەرنجی پ ک ک ەوە دەنووسێ: **"پەکەکە ئەیووت یەکێتی لە پارتی خەتەرترە لەسەر کورد"** ل١٦٥.
یەکێتی هەمیشە هاوکاری پ ک ک بووە لەشەڕی دژی پاتیدا، سوشیالیستیش هەمیشە هاوکاری یەکێتی بووە...کاکە حەمە و مام جەلال پەیوەندی توندوتۆڵیان پێکەوە هەبووە و زۆر کاریان بۆ یەکتر ڕاپەندووە و مام لە ساتەوەختە تەنگەکاندا متمانەیەکی گەورەی بە کاکەحەمە هەبووە. وەکو دیکە چەندین نموونە باس دەکات کە یەکێتی داویان بۆ ناوەتەوە و دژایەتییان کردووە .

ئێران و عێراق و سووریا هەمیشە ئەکتەری چالاک و ژمارەی گەورەی تەواوی شەڕ و ڕووداوەکانی نێوان حیزبە کوردییەکان بوون..هەڵبەت تورکیان هەرگیز تەماشاوان نەبووە...هەروەک کاکەحەمەش ئاماژەی پێداوە:
١٩٩٢ تورکیا هاوکاری پارتی و یەکێتی لەشەڕی دژی پ ک ک کردووە
١٩٩٥ تورکیا هاوکاری پارتی لەشەڕی دژی پ ک ک دا کردووە

١٩٩٧ توركيا هاوكاری پارتی لەشەڕی دژی یەكێتی و ئێران دا كردووە و لەشەڕی ساڵی ٢٠٠٠ دا توركیا هاوكاری یەكێتی لەشەڕی دژی پ ك ك كرد بێت !بۆیەكا ئێران لایەنگری پ ك ك كردووە.
كاتێ دەگەینە لاپەرە ١٦٨-١٧٤ پرۆتۆكۆلی ئەو دانیشتنە دەخوێنیتەوە كەوا لەنێوان مستەفا قەرەسووی نوێنەری پ ك ك و ئاقای پەناهی نوێنەری ئێران و نوێنەرانی سۆشیالیست و حزبی زەحمەتكێشانەوە. بەڕاستی ورد تێدەگەیت لەسەر شانۆی كوردستان چ دەگوزەرێ و شەرمە كەسی شۆڕشگێر و حیزبی بانگاشەكەری شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی كلیلی ئەقڵیان بدەنە دەست دوژمنی خۆیان...
كاكە حەمە.. چونكە خۆی سەركردەیەكی پێشمەرگەییە راستەوخۆ بەشداری زۆری شەڕەكانی كردووە، ئاگاداری كەلێ كونوقوژبنی ڕووداوەكانە، هەر بۆیە لەسەر دیاردەی شەڕەكانی ناوخۆ بە دوورودرێژی دەنووسێ و بیروڕاكانی لایەنی بەشەڕهاتووە، وەك خۆی دەخاتە بەرچاو و هەڵسەنگاندنی بۆ دەكات.. گرووپێكی چەكدار بەناوی تەوحید دەچنە ناوچەی سورێن، دەیانەوێ لەوێ بارگەوبنە هەڵدەن... ككەئەمە نوێنەرێك دەنێری بۆ لای مام - كە لەو كاتەدا ئاقای پەناهی نوێنەری ئاسایشی ئێران میوانی دەبێت- داوا لە مام جەلال دەكات هەڵوێست وەرگرێ، كەچی مام دەڵێ:**" ئەوانەش هەر هەر ئەرزی خوایە و سورێن جێیگای دە هەزار كەسی تێدا دەبێتەوە و وازیان لێ بهێنن (...) ئەوە ئێرابیش پێیان خۆشە لەو سنووره بن و شەڕیان لەگەڵ ڕاگرن".**ل١٨٢ .
پەناهی ئاگای لە گفتوگۆكان دەبێ و بە پێچەوانەی مام دەڵێ: با سۆشیالیست شەڕی ئەوانە نەوەستێنێ و پێمان ناخۆشە ئەوانە بچنە سنووری سورێنەوە.بزوتنەوەی ئیسلامی و یەكێتی ئەم داوە بۆ سۆشیالیست دەنێنەوە.. كۆمەڵێ خەڵك دەبنە قوربانی ٣/١٢/٢٠٠٠ لە تاران شاندێكی كۆنگرەی نەتەوەیی بەسەرۆكایەتی عیسمەت وانلی و زوبێر ئایدەر و د. حەمەساڵح ئیبراهیمی دەبینێ كە بە نیازی ڕێككەوتنی یەكێتی و پ ك ك هاتوون ...بەداخەوە ڕێگە نادرێن بچن و دەستبەتاڵ دەگەرێنەوە، ئاخر بۆ ئەوەی چارەسەر لای خۆیان بێت و سەری گوریس هەر بەدەست داگیركەرەوە بێت و كورد خۆی نەتوانی كێشەكانی ناوماڵی خۆی چارسەر بكات.

بۆ یەكەم جارە بزانم كاكە حەمە هەستی شاعیرانەی هەس و هێندە لەدنیای ئەدەبەوە نزیكە. لەم بەرگەدا چەندین كۆپلە شیعر و شیعری درێژ بەرچاو دەكەون ..

**من كوردێكی نیشتمانم، هەڵگری ئاڵای سەركەوتن یان نەمانم**
**لەو ڕێگایەشدا سەرفم كرد گەنجی و یاریكردن لەگەڵ مەرگدا بە ژیانم**
**هەر بۆیە دەستم دایە ئەو پرۆژەیە**
**دروستكردنی ئەو پردە بۆ سەركەوتن و پەڕینەوەی كوردە**
**من كوردێكی نیشتمان پەرستم**
**ئەیپارێزم بە بیر و هەستم**
**هەتاكو ماوم بۆ ئەو كورد ئەبێت نەوەستم**

**بۆ سلێمانیش دەڵێ**

**شاری سلێمانی بۆ بێدەنگ و ماتی**
**خۆ تۆ پاشماوەی سێ ئەمارەتی**
**وا مەزانە لە شارستانیەت دووری**
**ئەردەلان، بابان و شارەزووری**
**هەرچیت بۆ بڵێین هێشتا هەر كەمە**
**پێشكەوتووترین شاری سەردەمە**
**بۆ میللەت هەڵت گرتووە ئەو هەموو خەمە**